وتەبێژی حکومەتی هەرێم: ڕۆژی یەکشەممە دەوامی فەرمییە و پشووکەی عێراق هەرێم ناگرێتەوە



پێشەوا هەورامانی وتەبێژی حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، ڕۆژی یەکشەممە 10ی (کانونی یەکەم/12) لە هەرێمی کوردستان دەوامی ئاساییە و پشووکەی حکومەتی عێراق هەرێم ناگرێتەوە. پێشەوا هەورامانی لەوێوە ئاماژەی بەوەکرد، ڕۆژی یەکشەممە 10ـی (کانوونی یەکەم/12)ی 2023، لە سەرجەم دامودەزگاکان دەوامی فەرمییە و پشووکەی حکومەتی عێراق، هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە.

پێشتر، ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەنراوێکدا باسیکردەوە، محەمەد شیاع سودانی بڕیاریدا ڕۆژی یەکشەممەی داهاتو ببێتە ڕۆژی سەرکەوتنوو لەسەرجەم فەرمانگە و دامودەزگاکان لە پارێزگاکانی بەغدا و ناوەڕاست و خواروی عێراق بکرێتە پشوی فەرمی.